گوتم : ئەو شتانە هەموویان ئی منن ، بۆ ماڵی خۆم کڕیون، هیچیان بـــــۆ فرۆشتن و بۆ بازاڕ نین • ئەو برادەرە بۆی هەڵگرتوم ئەگەر بیان دەن بـــــە گومرگیش هیچ بە ئێوە نابڕێ، شتەکانیشم دەدەنەوە • بە گروبانم گـــــــوت پەنجا تمەنت دەدەمێ واز بێنە • کابرا پاش نەختێك چەقە راز ی بوو •

ــ بەلاّم پارەم پێ نیە، سەربازێکم لە گەڵ بنێرە ئێستا پارەکەت بۆ دەنێـــرم•

شتەکانمان هەڵگرتو بە برادەرەکەم گوت : تۆ بڕۆ شتەکان لە ماڵی خوشکـــت دابنێ ، پاشان دە تبێنمەوە• سەرباز لە گەڵم هات هەتا گەیشتینەوە ماڵـــی چووینە ژورو پێم گوت : بڕۆ بە سەر گروبان بڵێ پارەم نیە • شتێکی بۆ ماڵـــی خۆم بیکڕم جەریمەی نادەم• سەرباز تاوێك راوەستاو ملی هیز کردو رۆیشت •

پاش دوورۆژ گەڕانەوەم لە عێراق بەیانییێك دوودیژبان هاتن و گوتیان لـــــە دیژبانی مەهاباد ویستویانی • لە گەڵ خویان بردم بۆدیژبانی مەهاباد ئەفسەری کێشك گوتی :

ــ بە ئەمری بازپۆرسی سوپا تۆ زیندانی • بنێرە پێخەفت بۆ بێنن، چونکـــــە هیچمان نیە پێ بخەوی • سەربازێکم ناردەوە ماڵێ ، خێزانم لە گەل کچـــــی خوشکم دەستە نوێنێك و نان و چێشتی بە گریانەوە بۆ هێنام • دلخۆشیم داوە و گوتم :

ــ پێم گوتبوی چارە نووسی من هەر زیندان و دەربەدەریە• ئێستاش مەگـــری بچۆوە ئاگات لە دایکم بێ •

دوو رۆژ بە بێ پرسیار لە دیژبانی مەهاباد رایان گرتم • نیوەڕۆو ئێـــــوارە خێزانم نانی بۆ دەهێنام و بڕێك دەگریا • منیش دڵخۆشیم دەداوەو غیرەتـــم وەبەر دەنا •

پاش دوورۆژ بردیانم بۆ ستادی لەشکر • لە ئیدارەی بازپۆرسی ،سەرهەنـگ **بەهارمەست** بازپۆرسی سوپای مەهاباد دانیام و دەستی کرد بە پرسیـــــارو لێکۆڵینەوە • لە پێشدا ناو و نازناوو کارو جیگای دانیشتنی پرسی• پاشـــان گوتی بنووسە هەرچی لێت دەپرسم راستی بلێ• ئەوەم نووسی • دەستی پێ کـرد

ــ چەند زمانی بێگانە دەزانی ؟

گوتی : " تۆ هەر دەنگێ مەکە ئاهی نەخۆشان داخوا تووشی چ بەڵایەکت بکا " یای بەگم لای ئێواری ڕۆیشتەوە، دیداری ئاخریمان بوو.

## کارم بۆ پەیدا بوو

بێکاری لە شار دەردێکی گرانە ، بە تایبەت بێکار بی و پارەشت نەبێ. ئەگەر کابرایەکی هەژارو نەناسراو لە شار بێکار بێ دەکرێ لە قوژبنێک بە حەمباڵی و بە هەر سە مەرگێک بێ ژیان بەرێتە سەر . بەڵام کابرای ناسراو لە شار بێ و نەداریش بێ ژیانی بۆ تاڵ و دژوارە.

ژیانی من لە مەهاباد تاڵ بوو بێکار بووم ، نەم دەتوانی لە شار وەدەر کەوم ڕۆژێک کاک عەزیزی یوسفی هات و گوتی :" پێم خوشە لە گەڵ چەند برادەر کۆ بوونەوەمان هەبێ " ڕۆژی کۆبوونەوەمان دیاری کرد . کاک عەزیز، هاشمی وسین زادە ، ڕەشەی قاچاخچی ، چوکەلی گەوهەری لە گەڵ کوڕێکی دیکە کە کاری شوشە بڕی بوو، هاتن . کاک عەزیز گوتی پێویستە کۆمیتەیەکی شار پێک بێنین ئەو برادەرانە هاوکارت دەبن تۆش بەر پرسی کۆمیتە وەئەستۆی خۆ بگری . گوتم : " من تازە لە زیندان هاتوومە دەر پێویستە بزانم وەزعی حیزب چۆیە ؟ ئێستا کۆمیتەی بەڕێوە بەری کێن و لە کوێن ؟پێوەندی لە گەڵ حیزبی تودە چۆنە ؟ بەرنامەی کاری سیاسی و تەشکیلاتیمان چیە ؟ بەشی زۆری کادرەکان کە لە زیندان هاتوونە دەر تەنەفور نامەیان نووسیوە وەزعی ئەوانە ڕوون کراوەتەوە یان نا ؟ کاک عەزیز گوتی پرسیارەکان هەموو بەجێن یادداشتیان دەکەم لە گەڵ برادەران ئەگەر چاوم پێیان بکەوێ باسیان دەکەین بێگومان تۆش لەو چاو پێکەوتنە دا بەشدار دەبی . ئێستا وەزع زۆر باش نیە ڕەحمان و عەوڵای ئیسحاقی لە دەرەوە دمیان تێک ناوە ، بەڵام خۆ ناکرێ تێکۆشان ڕابگیرێ پێویستە تۆ کارو باری شاری بەڕێوە بەری .

پاش هێندی باس و وتو ویژ بڕیار درا وەک بەر پرسی کۆمیتەی شار

www.kerimhisami.com

برا دەرە جولەکەکەو بە بێ شەرمی گوتی :
ــ هەتیوە حیزە تۆ دەڵێی چی ؟ پێت وایە نازانم چ دەکەی ، لە گەڵ کێ دەگەڕێی بڕۆن وەدەر کەون ·

قسەکانی وەرەهرام و بانگ کردنی ئێمە نیشانی دەدا کە ترسێکی زۆریان هەیەو لایان وایە کە حیزبی دیموکرات هێزەو دەتوانێ شتێك بکا · لەو بەینەدا یوسفی ڕێزوانیش پاش پێنج ساڵ حەپس ئازاد کرابوو · هەرکە گەیشتەوەمەهاباد بە نووسین پێ ڕاگەیاندم کە ئامادەیە هاوکاری بکاو دەست لە تێکۆشان هەڵناگرێ · بێکاری و نەداری ئەویش سەربارێك بوو · زۆرمان هەوڵدا کارێکی بۆ پەیدا بکەین فایدەی نەبوو · ڕۆژێك توو وشی جەعفەر ئاغای کەریمی بوم·بەو زمانە لوسەی کە هەیبو ،سلاوی کردو گوتی : " قوربان بۆ هەموو خزمەتێك ئامادەم" · پێم گوت : تکایەکم هەیە ، یوسفی ڕێزوانی بێکارە لە کورە خانە بیکە سەر پاڵە حقوقێکی باشی بدەیە با لە پێش چاوان وون بێ ·
ــ بە چاوان ··· بە چاوان ئەو ڕۆژانە پێت دەڵێمەوە ·

بەخوا ئێستاش پێ نەگوتمەوە و بەڵێنیەکەی نەبردە سەر · یوسف هات لە پەنا دوکانەکەی ئێمە کەوەرو پیوازی دەفرۆشت · لە کاتێکدا ئامۆزایەکی بابی یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی هەرە گەورەی مەهاباد بوو ·

## گەزی ئیسفەهان و ئەفسەری ئەمریکایی

پاش روخانی حکومەتی دوکتۆر مصدق ئەرتەشی ئێران بە کردەوە کەوتە بەر دەستی ئەفسەرانی ئەمریکایی · کوردستان کرا بە پێگەی نیزامی بۆ دروست کردنی پێگە نیزامیەکانی خانێ و جەڵدیان پڕ ببوو لە ئەفسەرو گروبانی ئەمریکایی ·

ڕۆژێك ئەفسەرێکی ئەمریکایی لە گەڵ ستوانێکی ئەرتەشی ئێران کە وەك وەرگێڕ لە گەڵی بووهاتە دوکان داوای گەزی ئیسفەهانی کرد · منیش قوتویەکم دایەو پارەم لێ وەرگرت · کابرا پاش دو سەعات هاتەوە گوتی : " ئەم گەزە



www.kerimhisami.com

را دەکاو لە شار وەدەر دەکەوێ ٠
سەعاتی چوار کۆمیتەی شار کۆبۆوە ٠ چونی لای وەرەهرام و قسەو باسەکەم بۆ گێرانەوە گوتم : بیری لێ بکەنەوەو بڕیار بدەن٠ پاش هێندی قسەو باس گوتیان بیرو رای خۆت چیەو چۆن بڕیار دەدەی ؟
ــ خۆم نامەوێ بچم لە رادیۆو لە متینگ قسە بکەم ٠ ئەگەر لە زیندان دا بـڕزم ئەو کارە ناکەم٠ بەلام پێویستە ئێوەش نەزەر بدەن٠
بە تێکرایی سپاسیان کرد گوتیان هەر چاوەڕوانی ئەوەمان لە تۆ دەکرد٠ بەلام لەو حالەدا ناتوانی لە ئێران خۆ بشاریەوە٠ پێشنیار دەکەین بچی بۆ عێراق٠ ئێستا دەرەتانی مانەوە لە عێراق هەیە٠ شۆڕشی عێراق بۆتە بنکەی ئازادیخوازان ، بێجگە لەوە ئەگەر بچیە عێراق یارمەتی تێکۆشان بە برادەران دەکەی ٠ لە سەر غەنی بلور یان بڕیارمان دا کە نابێ بچێ قسە بکا لە گەلّ من بێت بۆ عێراق ٠ دەبوایە رۆژی جومعە ٢٠ی سەرماوەز لە شار وەدەر کەوم بچمە سیا قول٠ قاسمی سولتانیان بە ناوی حیزبی " **فەتاح** " لەوێ بوو دەبوایە بەرێم بکا بۆ عێراق ٠ هەر ئەو رۆژە نامەیەکم نووسی بۆ کاك قادری کوڕی کاخدری دیبوکری ، داوام لی کرد کە بەیانی ( واتە روژی جومعە) دەستێك جلی کور دی و دوو ولاخی سواریم بۆ بنێری دێمە دیبوکر٠
من بۆ خۆم جلی کوردی رانگو چۆخەی جوانم هەبوو، جلی کوردیم بۆ غەنی بلوریان دەویست، چونکە دلنیا بووم کە غەنی ناچێ لە سەر رادیۆ قسە ناکاو لە گەلّ من وەدەر دەکەوێ ٠ شەوێ هەستام چومە مالّی غەنی ٠ تەنیا یونسی برای لە کن بو٠ یونس پێشتر گیرابو، لە سەر غەنی و چەند برادەرێکی دیکە ئیعترافی کردبوو ، لە گەلّ ساواك نێوانی خۆش بوو ٠ بەو حالەش یونس لە لای ئێمە دانیشت٠ غەنی قسەکانی خۆی لە گەلّ وەرەهرام بۆ گێڕامەوە گوتی :
ــ تەکبیر چیە ، چ بکەین ؟
ــ لە سەر ئەو باوەڕەم بچینە عێراق ٠ نابێ بچین لە رادیۆ قسە بکەین٠ کۆمیتەی شاریش هەر ئەو بڕیارەی داوە کە بڕۆین بچینە عێراق٠ وەزعی برادەرانی ئێمە لە عێراق شپرزەیە، ئێمە دەتوانین وەزعی حیزبیش رێك و پێك بکەین٠

ـ كه وايه له گوێ درێژەكەت دابازە و لە گەڵ من وەرە • كورەكە وەك پیاوان هاتە خوارێ و بە هاوالەكانی گوت : ئێوە بڕۆن من پاشان دێم • برێك ڕۆیشتین گوتی : دەترسم وە دوات كەون ، با بچینە ئەو دۆڵە لە بن ئەو دارگێوژ و شیلانە دانیشین تا ڕۆژ ئاوا دەبێ • ئەگەر تاو پەڕی دەڕۆین• لە دۆڵێكی نێزیك ڕێگا هێندێك دارە گێوژو شیلان هەبوو، لامان دا چوین لە بن دارەكان دانیشتین • ڕۆژ ئاوا بوو هەستاین كەوتینە ڕێ • لە نێزیك گوندی سیاقوڵ گەیشتینە ئاشێك ، گوتی با سەرێكی ئەو ئاشە بدەین بزانین خەبەری گوندی چیە • كە چووینە ئاش تەماشام كرد عەزیزی فەلاحی لەوێ دانیشتووە •

ـ كورە عەزیز لێرە چ دەكەی ؟

ـ لیرە چاوەڕوانی تووغەنی بلوریان دەكەم ، غەنی پێی گوتم تۆ بڕۆ ئێمەش دێینە سیاقوڵ •

ـ تۆ مالی ماوەرانیت بە زامن داوە هاتنە دەرت عەیبەو بێ جێیە•ئێستاش كەس نەی زانیوە، هەستە بگەڕێوە هیچ لە تۆ ناكەن•

عەزیز كە بێكار دەسوڕاوە لە خولای دەویست كە بیانوی بۆ هەڵكەوێ بڕوا بۆ جێگایەك و ناوی سیاسیش لە خۆ بنێ• فایدەی نەبوو گوتی : بۆ كوێ بچی لە گەڵ تۆ دێم • تازە ناگەڕێمەوە بۆ شار • چوینە گوندی سیاقوڵ، ناردم قاسمی سولتانیانیان دیتەوە نیوە شەو هاتە لام • پاش چاك و خۆشی و حەسانەوە گوتی : " دەبێ بڕۆین لەوانەیە بەیانی ساواك و ژاندارم بگەنە ئێرە• بەلام عەزیز لە چی دەگەڕێ ؟ عەزیز گوتی تازە ناچمەوە مەهاباد ، دەوڵەت زانیویە ڕام كردوە بگەڕێمەوە دەمگرن •

عەزیز وەك چەل و مل بەستۆمان داهات • تاریك و روونی بەیانی كەوتینە ڕێ ، لای ئێوارێ گەیشتینە گوندی " چوارگا "• هەر پاش ئێمە كوڕەكانی ماوەرانی لە گەڵ دوو ماشێن سەرباز دێنە سیاقوڵ وەدوای عەزیزی فەلاحی دەكەون • ماڵەكانی گوندی هەموو گەڕابون، بەلام تازە عەزیز دەرچووبوو•

لە چوارگا چووینە ماڵی برادەرێكی حیزبی • وادیاربوو ئەو ماڵە مەكۆی برادەرانی حیزبی بوو، كرٛبویانە لیسە خەرتەل ، بە گەرمی بەخێرهاتنیان



www.kerimhisami.com

بەغدا ، تەلیفۆنم بۆ کرد  زۆری پێ خۆش بوو بە گەرمی بەخێرهاتنی کـــردم٠ بەڵام هاتنی عەزیزی زۆر  پێ ناخۆش بووگوتی : " ئەو هەتیوەت بۆ هێنــــاوە ، ئەوە نە حیزبیە و نە لە گەڵ کەس دەحەوێتەوە ، بەد ئەخلاقە ٠ سبەی دێم بــــۆ سولێمانی ٠

## کتێبخانـــــەی گـــەلاوێـــــژ

۱۳۳۲

ساڵی ۱[redacted] ـ ۱۹٥۳ لە فیستیوالی لاوانی جیهان لە  ڕۆمانیا لە گـــــەڵ **رەئوف مەعروف** خاوەنی کتێبخانەی گەلاوێژ لە سولێمانی ببومە ئاشنـــــــا ئادرێس و ناوو نیشانمان دابوو بە یەکتر ٠ ئەو دەم ئەوسەرۆکی دەستـــــــــەی نوێنەرایەتی  لاوانی عێراق بوو٠ بە دەرفەتم زانی  کە کتێبخانەی گەلاوێـــــژ بدۆزمەوەو لە گەڵ ئاشنای قەدیم و پێشکەوتوخواز دیدارێك تازە بکەمەوە٠ بـــە خەیاڵی خۆم پێم وا بوو بە دیداری من شاد دەبێ و پێی خۆش دەبێ ٠ نەختێـــــك سورامەوە توشی کتێبخانەی گەلاوێژ بووم ٠ چومە ژووری کابرا خۆی بوو یەکـــی دیکەش لە پەنای راوەستابوو٠ چەند کەس کتێبیان دەکڕی ٠ راوەستام تا ئەوانی بەڕێ کرد ٠ ئاگام لێ بوو جار جارە لە بنەوە خێسەیەکی لەمن دەکرد٠ پاشـــان گوتی : " برا تۆ چت دەویست ؟ چوومە پێشترو سڵاوم کردوو گوتم :

ـ من تەنیا  ویستم سلاوێك بکەم و پاش چەند ساڵ دیدارێك تازە بکەمەوە٠ یادی سەفەری خۆش و ڕۆژانی خۆش هەر خۆشە ٠ لە رومانیا پێکەوە بوین ناوونیشانەـ کەم هەر لەبیرە ٠

کاك رەئوف مەعروف لە بیستنی ئەو قسانە  پەشۆکا ٠ گوتـی : " من ٠٠٠ مـــن نەبووم بە هەڵە چووی ٠٠٠ داخوا کێ بووە "٠

ـ ئێرە مەکتەبەی گەلاویژ نیە ؟

ـ بەڵێ هەوە ٠٠٠ وا لە سەر دەرگا نووسراوە ٠

ـ بە هەڵە نەچووم  تۆش کاك رەئوفی ٠ ئەو دەم کاك رەئوف بوی، ئێستا  کــە هەو نی ئیتر ئەوە خۆت دەزانی ٠

www.kerimbisani.com

دەخوازێ٠ ساڵی ١٩٥٨ سی هەزارتمەن پارە دەدەن بە ئەحمەد کە بی بات بۆ ئیدارەیەکی حکومی٠ ئەحمەد وەك پیاوان پارەو ژنەکەی هەڵ دەگرێ و دێتە عێراق و لە گوندی خەلان لە ماڵی شێخ عەلاءەددین دەگیرسێتەوە٠ ماوەیەك لەوێ دەبێ ، پاشان کوڕەکانی شێخی دەیهێننە بەغداو داوای پەنابەری سیاسی بۆ دەکەن٠

کۆمیسیونی پەنابەری سیاسی کە لە سێ کەس پێك هاتبوو بانگی کردمە ژورێ و لە بارەی ژیان و خەبات و رابردووی سیاسی من پرسیاری زۆریان کرد٠ منیش ئەوەی دەمزانی و ئەوەی بە سەرم هاتبوو بەڕاستی بۆم باس کردن٠ پاش من ئەحمەدیان بانگ کرد٠ پاشان هەر یەك ژمارە یەکیان داینێ و گوتیان پاش حەوتویەك لە ئەمنی عێراق سەر بدەنەوە٠ کاتێکی چوومە ئەمنی عێراق دیتم ئەحمەد بە پەنا بەری سیاسی قبول کرابوو٠ بە منیان گوت تۆ قبوڵ نەکراوی پێویستە لە عێراق وەدەر کەوی٠

گەڕامەوە چوومە ماڵی مەلا مستەفا٠ بە مەلا مستەفام گوت : " پەنابەری من ڕەد کراوەتەوە٠ پۆلیس گوتویە دەبێ لە عێراق بچمە دەر٠ ئەگەر دەرم بکەن جێگام نییە دەبێ بچمەوە ئیران٠ مەلا مستەفا گوتی : چۆن شتی وا دەبێ خەتای خۆتە٠ بانگی کرد ماشێنیان بۆ هێناو سوار بوو منیشی سوار کرد و بۆ ئەمنی عام٠ لە ڕێگا گوتی : " ئەتو بۆچی٠٠٠ قاسملو خائینە ، هەمزە خائینە ، نیژاد خائینە تۆ چت لە قاسملۆ داوە "٠

گوتم من قەت لە گەڵ هەمزەو نیژاد نەبووم٠ مەسەلە قاسملۆ نییە ، ئەحمەد توفیق لە ڕێبازی حیزبی ئێمە لای داوە٠ تۆ پشتی دەگری٠ ئەگەر بۆیە لە گەلم دێی تا لە گەل ئەحمەد توفیق هاوکار بم ، زۆر سپاست دەکەم تەشریفت نەیە٠ ئەوەی ئەحمەد توفیق دەیکا کوردایەتی نییە ، بە زیانی کوردە٠ لە گەڵ بیرو باوەڕی من نایەتەوە "٠

هیچ قسەی نەکرد تا گەیشتینە ئیدارەی ئەمن٠ پێشوازیان لێ کرد راست چوینە لای عەبدوالمجید مودیری ئەمنی عام٠ مەلا مستەفا گوتی:
" لە بەر ساڵح هاتوم٠ کۆمیسیونی پەنابەری قەبوڵی نەکردووە٠ ئەوە چ

www.kerimhisami.com

سپاست دەکەم و ماڵئاوایی دەخوازم ·

خاوەن ماڵی مەسیحی لە وڵام دا گوتی : من وەزعی تۆ دەزانم کرێ خانووم ناوێ ، بەو کەمالە چکۆلەی دەبەخشم · هیوا دارم سەفەرت خێر بێ ·

شت و مەکی ماڵێ هەرچی هەمان بوو بۆ چوکەلی گەوهەری و یوسفی ئەنوەری ـ م بەجێ هێشت · گوتم پێکەوە بژین و منیش هەوڵ دەدەم بەڵکو لە رێگایەکەوە یارمەتیکتان پێ بکرێ · چووم ماڵئاوایم لە کاک حەسەنی قزلجی خواست و چاوەڕوانی رۆژی سی مانگ بۆم ·

رۆژی ١٩٦٠/٤/٣٠ لە گەڵ خێزانم و مندالێکی نەخۆشی بچکۆلانە لە فرۆکەخانەی بەغدا سواری فرۆکە بوین و لە چنگ ڕاو نانی براکوردەکان رزگار بوین ·

فرۆکە شەو لە ژنێو مایەوە · لە سەر حیسابی شیرکەت بردیانینە هوتێلێك · مندالەکەمان برسی بوو دەگریا · ئێمەش زمانمان نەدەزانی نەمان توانی داوای خواردن بکەین · ناچار لە ژنیوەوە تەلیفونم کرد بۆ پراگ ·

لە گەڵ کاك رەحمانی قاسملۆ قسەم کردو گوتم گەیشتوینە ژنیو · بەلام کەمال برسیەتی و ناشتوانین حاڵیان بکەین کە نانمان بدەنێ · وشەیەکی فەرانسی پێ گوتم کە ئێستا لە بیرم نەماوە چ بوو · چۆم بە گارسونم گوت ، نانیان بۆ کەمال هێنا ، پاشان خۆشمان چۆینە رەستۆران و نانمان خوارد ·

بۆ بەیانی رۆژی هەوەلی مانگی مای ( جیژنی کریکارانی جیهان ) بوو لە چیکوسلواکیا کار راوەستا بوو ، فرۆکەخانەش کاری نەدەکرد · ناچار فرۆکە لە ژنیو هاتوو لە زوریخ مایەوە · تا لای ئێواری لەوێ بووین · لە ئێوارەدا سوار بووین و لە فرۆکەخانەی پراگ دا بەزین ·

کاك رەحمانی قاسملۆ لەگەل دوو کەس لە بەر پرسانی خاچی سووری چکوسلواکیا هاتبونە فرۆکە خانە · پاش بەخێرهێنان سواری ماشینیان کردین و بۆ نێو شار · بردیانین بۆ " هوتیل ئەمبەسادۆر " لە " ڤاسلافسکی-نامیستێ " · پێیان گوتین ئێوە لێرە میوانی حیزبی کۆمۆونیستی چکوسلواکی ـ ن لەم هوتێلە هەرچی دەخۆن و دەخۆنەوە لە سەر حیسابی ئێمەیەو تەنیا ئیمزای دەکەن ·

من و كاك رەحمان دانیشت پاش ئەحوال پرسی و ناسینی قاسملوّ گوتی :
" ئەگەر توّ كوّمەلەی خویّندكارانی كوردت تیّك نەدابایە ، ئیّستا وەزعی كوّمەلّە شتیّكی تر دەبوو . ئیّوە لە ئاست كوّمەلّەوە تاوانبارن " .
كاك رەحمان گوتی : " میرم ئەوە من نەبووم كاكم بوو ، ئەو دەم من لە ئوّروپا نەبووم " .
مەسەلە چ بوو ؟
سالی ١٩٤٩ رەحمانی قاسملوّ ، ئەحمەدی قاسملوّ نورەدین زازا ، عیسمەت شەریف و چەند كەسی دیكە كوّمەلەی خویّندكارانی كورد پیّك دیّنن كە ناوەندەكەی لە سویس بوە ، پاشان ئیرەجی ئەسكەندەری لە پاریس بە رەحمان و ئەحمەدی قاسملوّ دەلّیّ كە پیّك هیّنانی ئەو كوّمەلّەیە لە سەر بناخەی نەتەوەیی لە گەلّ " ماركسیزم " نایەتەوە . ئیّوە دەبیّ بچنە نیّو یەكیّتی خویّندكارانی ئیّرانی كە سەر بە حیزبی تودە بوو . ئەوانی دیكەش هەركەس لە گەلّ خویّندكارانی ولاّتی خوّیان هاوكاری بكەن. ئەو دەمە دەولّەتی ئیّران بورسی خویّندكاری رەحمانی قاسملوّی بریوە . حیزبی تودە هیّناویەتە پراگ و لە چكوسلواكیا بورسی خویّندكاری بوّ وەرگرتوە . بەلاّم بەیاننامەی لەبەر یەك هەلوەشانەوەی كوّمەلّەی خویّندكارانی كوردیشی پیّ بلاّو كردوّتەوە.
بەم جورە پاش ئەوەی كە برایانی قاسملوّ بەیاننامەی هەلّوەشانەوەی كوّمەلّەی خویّندكارانی كورد بلاّو دەكەنەوە ئیتر كوّمەلّە ناسیّنیّ . تا سالّی ١٩٥٦ جاریّكی تر خویّندكارە نیشتمانپەروەرەكانی كورد لە لەندەن كوّمەلّەیان دامەزراندوّتەوە .
لە كوّنگرەی پیّنجەم دا نویّنەری یەكیّتی خویّندكارانی جیهانی ، یەكیّتی لاوانی جیهانی ، نویّنەری پارتی دیموكراتی كوردستانی عیّراق ،نویّنەری یەكیّتی خویّندكاران و یەكیّتی لاوانی عیّراق بەشدار بوون. كوّمەلەیەكی كوردستانیش لە لایەن چەند كەسی هوّلّەندی یەوە دامەزرابوو نویّنەری ئەوانیش بەشدار بوو . لە راستیدا ئەگەر بە واقعتەماشا كرابایە ، لە جیاتی كوّمەلّەی خویّندكارانی كورد لە ئوّروپا دەبوایە بگوتریّ : " كوّمەلەی خویّندكارانی

بۆڵەبۆڵیشمان دەکرد٠ نامەکانی دوکتور ڕەحیمی قازی یەکجار زۆرن و لە ڕادە بەدەر لە باری زمان و نێوەڕوك و دەستخەتەوە شیرین و جوان و پڕ مانان ٠
بەلام لەبەر ئەوە لە نامەکان دا مەسەلەی شەخسی و دوستایەتی و قسەی خۆمانەو سیاسی تێکەڵ کراون ، لە بڵاو کردنەوەیان خۆ دەبوێرم٠ هەر وەها نامەکانی کاك عەلی کەلاویژیش کە زۆر جوان و برایانەن بلاو ناکەمەوە هەر ئەوەندەی لێ زیاد دەکەم کە نووسراوەکانی کاك ڕەحیمی قازی و کاك عەلی کەلاویژ لەم دوور ولاتیەدا تا ڕادەیەکی زۆر تاسەیان دەشکاندم٠

لە سەر مەسەلەی کوردو کەم و کوڕی لە سیاسەتی ڕێبەرانی حیزبی تودە دا هەمیشە لە گەل بۆ ڕۆی سیاسی حیزبی تودە لە نامە نووسین دا بوم ٠ خوا هەڵناگرێ ئەوانیش هەموو جاری ولامیان دەدامەوەو ڕەخنەکانیان دەسەلماند بەلام سیاسەتەکە قالبی گرتبوو نە دەگۆڕا ٠

لە ژێر تەئسیری ڕاپەرینی گەلی کورد لە عیراق دا ، برادەرانی حیزبی تودەش هاتنە سەر ئەو باوەرە کە جم و جۆڵێك بکەن و ڕۆژنامەیەکی کوردی بلاو بکەنەوە ٠ بۆ ئەو کارە دەبوایە لە دوکتور قاسملو و من کەلك وەرگرن٠ چەند جار ئەو باسە هاتە گۆڕێ ٠ ئێمە لامان وابوو ڕۆژنامەکە بە ناوی **کوردستان** دەربچێ ، ئەوان دەیان گوت " مەردوم بە کوردی بێ " ٠ ئێمە دەمانگوت : " بلاو کەرەوەی بیرو باوەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بێ " ، ئەوان دەیانگوت : " ئێستا وەزعی حیزبی دیموکرات ڕوون نیە ٠ لە عیراق ئەحمەد توفیق بە ناوی حیزب دەدوێ " ٠

ئاخرەکەی هاتینە سەر ئەو باوەرە کە دوکتور ڕەحیمی قازی و کاك عەلی گەلاویژو دوکتور سولتانی وەتەمیشی بانگ بکرێن و کۆبونەوەیەکمان هەبێ و ڕێگایەکی ڕاست بدۆزینەوە ٠

لە بەهاری سالی ١٩٦٣ برادەرانی حیزبی تودە کۆبونەوەیان لە پراك ساز کرد ٠ بەلام تەنیا کاك عەلی گەلاویژیان هێنابوو ٠ پاش دووڕۆژ باس و لێکوڵینەوە هاتینە سەر ئەو بریارە کە ڕۆژنامەکە بە ناوی **کوردستان** لە لایەن " دەستەی نووسەرانەوە " بلاو بکرێتەوە ٠ بریار درا کە دوکتور قاسملو

www.kerimhisami.com

سەر نووسەری ڕۆژنامەکە بێ ٠ پاش ئەو بڕیارە کاك عەلی گەلاویژ کە بە هیوای سەرنووسەری هاتبوو، گوتی : من بەشداری ناکەم ٠ باسێکی زۆرمان بوو ملی نەدا ٠ پاشان چوینە ماڵی ئێمە باسەکەمان داگیرساندەوە، ئاخرەکەی کاك عەلی مان ڕازی کرد کە بەشداری بکا ٠ بەلام هەر قسە بوو، کاك عەلی گەراوە ئێستاش هیچ بەشداریەکی لە دەرچونی ڕۆژنامەی کوردستان دا نەکرد٠

سالی ١٩٦٣ کاك محەمەدی موهتەدی بۆ خویندن هاتبوە فەرانسە ٠ لەوێ وە لە گەل دوکتور قاسملو پێوەندی گرتبوو ٠ ڕۆژیك دوکتور قاسملو پرسی کەسیك بە ناوی محەمەدی " موعتەدی" دەناسی کە تازە لە ئیرانەوە هاتۆتە پاریس٠

گوتم : ئەگەر " موعتەدی " بێ نایناسم ، بەلام ڕەنگە موهتەدی بێ و لەوانەیە کوری حاجی ڕەحمان ئاغای ئیلخانی زادە بێ ٠

لام وایە پایزی ١٩٦٣ بوو کاك محەمەدی موهتەدی هاتە پراك ٠ تازە لە ئیرانەوە هاتبوو ، بە قەولی کاك حەمەدەمینی سراجی " هەڵمی لێ هەڵدەستا " شورشگێریکی توخ هەر ئاوری دێنا٠

کاك محەمەد چەند ڕۆژیك لە پراك مایەوەو پاشان گەرایەوە بۆ پاریس ٠ دیتنی کاك محەمەد و پاشانیش نامە گۆرینەوەمان بەراستی شادی دەکردم٠ لە گەرانەوەدا هێندێك کتێبم دایە لەگەڵ خۆی بردن ٠ لە پاریسەوە نامەیەکی بۆ نووسیبووم ، سەبارەت بە قسەی خۆش و شیرینی نامەکە ئەوا دەقی لێرە دا بلاو دەکەمەوە٠

کاك محەمەد داوای لە دوکتور قاسملو کردبوو کە بۆی جێ بەجێ بکا بێ لە پراك بخوێنێ ٠ لە ڕادە بەدەر لە زەرق و بەرقی سەرمایەداری بێزار ببو٠ دەیگوت ، شاری پاریس زەلکاوی دنیای سەرمایەداریە ٠

**دەقی نامەی کاك محەمەدی موهتەدی**

" برای گەورە و بەڕێزم کاك کەریم ٠ هیواداری سلامەتی و سەرکەوتنتانم ٠ لە میوانداری و میهرەبانیتان زۆر مەمنونم خودا بتان پارێزێ بۆ یارمەتی - دانی هەموو برادەریکی کورد ٠ هەرچەند ماوەیەکی کەم لە خزمەتتان دابووم ،

کچیکی قژ زەردی چاوشینی جوان لە پیش باری ئارەق فروشی دانیشتـــــوەو بادەی لەبەر دەمە • کە چاوی بە من کەوت ناسیمی • بە خێرهاتنم کرد • گوتی " کاکە ئەگەر کارت بە منە دوای نیوەرۆ وەرەوە"
ــ هیچ کارم بە تۆ نیە ، بە منیان گوتبوو مەلامستەفا لیرەیە • نەمزانـــــــی تۆی خەریکی خواردنەوەی • ئیتر رانەوەستام و وەدەر کەوتم •
چەند رۆژ پێ چوو دوکتور جەمیل شەرەف هات • گوتی : پیس قەومـــاوە، عوبەیدی مەلامستەفا لیرەیە، لە باوکی زویر بوە ، چۆتە موسکو، لەوێ گیـــر نەبوە هاتوتە ئیرە • توشی قاحبەیەکی چەك بوە ، هەرچەندی بلێی جوان و لەبارە • کچەتیو بردویەتە هوتێلیکی دەرەوەی پراك • پازدەرۆژ لەوێ رایگرتوە چوارهەزار دولاری پێ بوە پێی خەرج کردوە • کە لەوێ پولی نەماوە هێناویەتەوە پراك • لە هوتیلێکی دیکە ژوری بۆ گرتوە • یەك ساعات بەجێی ناهێلێ •
منیان دیتەوە رادویەکم هەبوو لێ وەرگرتوم داویە بە کچەکە • هەزارو دووسەد کرونیشی پارە لێ وەرگرتوم • هیچی نیە • چوم بە دوکتور قاسملوم گوتـــوە چۆتە لای ، قەولی پێ داوە کە بچێ بە چیکەکان بلێ، کوری بارزانی یـــــە میوانی بکەن و رای بگرن هەتا دەروا • بەلام ئەوە چەند روژە خۆی لــــــێ شاردوتەوە هیچ خەبەری نیە •
دوکتور قاسملو چوبوو بە ئیرەجی ئەسکەندەری گوتبوو کە کـــــــوری مەلامستەفا لیرەیە ، واباشە ئێوە داوا لە برادەرانی چیك بکەن کە میوانداری بکەن و رای بگرن • ئەو کارە پێوەندی حیزبی تودە لەگەڵ مەلامستەفا بـــاش دەکا • دیارە ئیرەج بەچاوانی پێ گوتبوو بەلام خستبویە پشت گوێ•
قاسملو ش کە هیچی بۆ نەکرابوو خۆی لە عوبید بواردبوو•
بە جەمیل م گوت : من کارم پێ نیە چومە لای بەخیرهاتنی بکەم لەبـــەر ئارەق خواردنەوە ئاگای لە هیچ نەبوو کەیفی خۆیەتی •
جەمیل رۆیی • پاش سێ روژ تەلیفون زەنگی لێدا • کە هەڵم گرت عوبیدی بارزانی بوو :
ــ کاك سالح روژ باش •

